Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

# (کیٚ میحرابەکانی عەشقت پردەکاتەوە )

ساریژ زیاد



خۆشەویستی زۆر لەوە گەورەتربوو
کەمن بیرم لیدەکردەوە
عەشق زۆر لەوە جوانتر بوو
کەمن  ناسیم
دەریا زۆر لەوە هێمنتر بوو
کەمن تیگەیشتم
مێژوو زۆر لەوە دوورتر بوو
کەمن پیگەیشتم
رەنگ زۆر لەوە قوولتر بوو
لەوەی من بینیم
غروب زۆر لەوە زەرد تربوو
کەمن گوزەرم تیای کرد
رەوەندەکانیش لەسۆز
زۆر بەماناتربوون
بەلام ئاخ  هیچیان بەمن
نەبەخشی ...
من ئیستا هەستم کرد کە
خۆشەویستی لە جەنگ سەختترە
عەشق لە ئاگر بە هیزترە
رابردووم لە میژوو زۆر بریندارترە

مانگە شەو لە غروب زۆر بە ئازارترە
بەلام رەوەند لەگەرانەوە بۆ کویستانی
دلەکان بەوەفاترە
ئای لەوساتانەی کە
لەوەرزە سەرابیەکان
لە گریانە بیٚ فرمێسکەکان
لە ئاسمانە وەهمیەکان
لەگەل تۆیا فریم
وامئەزانی شکستم هینا
لەوەی بالبگرم و لەگەل
وامئەزانی لەدونیای عەشق مردم
تەرمم لەگەل هەورە تریشقەکانی
خەم و بروسکی دابران چوون
نەمئەزانی لەگەل رەوەندی وەرزەکان
دووبارە ئەگەریێمەوە
گەرانەوەیەك جیاوازتر لە
وەرزەکانی تەمەن و گولٚ
جیاوازتر لە
ئاسمانی بەخت و مانگ
بەکراوەی دلت گەراندەوە

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

من لەگەل ڕەنگی وشە تیکەلەکانی
سروشتی تۆ کرامەوە
کرانەوەی ناخە هەناریيەكان
كە پراوپربووم لە
نهێنیەكانی تاراو گەی تەنیای
نهینیەكانی رۆشنای گەلا هەڤرەسیەكان
نهینی بەهارە جوانە مەرگ بووەكانی دلم
نهینی ئەگریجە ئەسمەریەكانی خۆر هەتاو
لەگەل وشەكانت دەمێكە پیاسە ئەكەم
كەچی شكستم هێنا
لە گەل بروسكی سۆزەكانت
جەند ساتیك گەرام ودواو مردم
ئەمجارە با لەگەل دلت بژیم
بۆ بێدەنگی ؟ بۆ
گومانت لە دلم هەیە ..؟
من ئێستا گومان لە خۆم ئە كەم
كێ دەلێ شایەنی ئەومە لەگەل
ڕەنگەكانی پەلكە زێرینەی هەموو
دلێك ئاوێزەبم
كێ دەلێ شایەنی ئەومە لەگەل
فرۆزانی خۆری هەموو دلێك هلبیێم
كێ ئەلێ شایەنی ئەوەم
لەكێوە سپیەكانی كوێستانی عەشقی
هەموو دلێك بژیم
ئەی كێ ئەلێ دلم شایەنی ئەوەیە
لەئیوارەكانی ماچی دلە سپیەكان
ژوان بگرێ
ئەی بۆ شایەنی ئەوە بووی
كە وەك لاولاو لەگەل
شیعرەكانم خۆت ئالاند
وەك تاڤگەیەك لەسۆز
نیگاری خۆت كێشا لەدلم...

بامنیش لەگەل دلت بژیم و
میحرابەكانی عەشقت پركەمەوە
ڤ\گەر من نەبم ئەی كێ بەنیازە
میحرابەكانی عەشقت پركاتەوە ؟
منیش تا چیتر روخساری فرمێسكی
شكستەكانم نەبینمەوە
تاچیتر هەورە تریشقە كانی
دابران نەبینمەوە
تا چیتر بروسكە سامناكەكانی
مەرگ نەبینمەوە
ئیتر شكست و مەرگ و دابران
لەگەل من بە یەك نا گەن
بەلام گومانم لەدلت هەیە
نەوەكو رۆژێك بێ
وەك رازە سپیەكانی هێشووی ترێ
دەنك دەنكم بكات
لەنێو چاوی چاوەروانی
تا هەتا بمخەوێنێ
لەگەل نیگاكانی بێ كوتایێ
بمسوتێنێ ....